# بالۆێزخانەکانی ئێراق لە ئوروپا....

**سەردار ئەمین**

زۆر لە مێژە ، بەڵام ئەوەی کە ئەمن بۆخۆم زیاتر لە بیستودوو ساڵە تێیدا ژیاوم ولە نێزیکەوە ئاگادارم، کوردانی ئوروپا لە هەوڵێکی مەزن و بێپشوودان بۆ وەدەرخستنی ناسنامەی کوردستانییەتی خۆیان و ناساندنیان وەک مرۆڤێکی پێوەندار بە وڵاتێکەوە کە پێی ئێژن کوردستان ، هاوکات زۆر بە شانازییەوە بێبەریکردنی خۆیان لە ناسنامەی وڵاتانی داگیرکەر. هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە کە وەک مرۆڤێکی خەباتگێڕی سەر بە وڵاتێکی داگیرکراو بێنە بەرچاوان بۆ پەیداکردنی سۆزو و پاڵپشت بۆ پرسەکەیان ، زۆرجاران گەر وەک ئێراقی لەقەڵەم درابن ، زۆر مەردانە بەرهەنگاری ئەو تۆمەتە بونەتەوە. زۆرێکیش پاش وەرگرتنی ناسنامەی ئەو وڵاتەی پەنایان بۆ هێناوە هەوڵێکی زۆریان داوە لە ناسنامەنوێیەکەیاندا بە هیچ شێوەیەک ناوی ئێراقی پێوە نەبێت چونکە ناوێکی دزێو و قێزەوەوە بوو لایان و مرۆڤی کوردیش بەبوونی ئەو ناوە هەستی بە سوکایەتی پێکردن دەکرد. ئەم خەباتەش ئەوی راستی بێت توانیبووی بە تەواوی شوێنپەنجەی لای ئەو نەتەوانەی تێیدا دەژیان دیار بێت.

ئێراق وەک وڵاتێکی داگیرکەر و بالۆێزخانەکانی وەک مۆلگای جاسووسی و ترس و نوێنەری ژاراوباران و تیرۆر و قەلاچۆکردنی نەتەوەیی بۆ کورد دەخرایە بەر چاوان. بۆیە سەدان خۆپیشاندان دژی دەکراو بەردەبان دەکراو تەنانەت چەندین جاریش گڕیان تێ بەردەدرا (بۆ نمونە لە سوێد) , ئەم کارانەش لە ژێر دروشمی خەبات دژی داگیرگەراندا ئەنجام دەدران . بە راستیش ئەمانە لە خاڵە پڕشکۆکانی کوردی دانیشتووی ئوروپان ئەگەر نەڵێم تاکە شانازیانە . هەروەها کاریگەرییەکی چاکیشی بەسەر کامڵبوونی بیری نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی لاوانی نێو وڵاتیشەوە هەبوە.لەوە گرنگترش ئەوەیە منداڵانیش بە هەمان ئەو هەست و شێوازە سروشتییە پەروەردە کراون، کە زۆربەشیان تا ئێستا ئێراقیان زۆر پێ نامۆیە.

پاش راپەڕینیش کە لەو بەشە رزگارکراوەی وڵاتدا دامودەزگای حکومەت و پەرلەمانی کوردستان پێکهات(بە هەموو خەوشەکانیشەوە) کوردی ئوروپا بوونە پاڵپشتێکی پتەو بۆی و ، کاریگەرتر بۆ پەرەپێدانی... ئەوەبوو کردنەوەی نوسینگەکانی حکومەتی کوردستان لە ئوروپا بوونە مایەی دڵخۆشی زۆرکەسان.

پاشان سەردەمی هەڵگرتنی دروشمی ریفراندۆم هاتە ئاراوە و (کە تا ئیستاش نوزەی تێدا ماوە) و لە وڵاتانی ئوروپا سەدان هەزار کەس پشتگیری ئەو پرۆسەیە بوون و لە پایتەختەکانی ئوروپا خۆپیشاندانیان ساز دەدا و بە ئاشکراش نەک هەر داوای ئەنجامدانی ریفراندۆمیان بۆ چارەنووسی کورد دەکرد بگرە بانگی ئازادی و سەربەخۆیی باشووری کوردستانیشان هەڵدەدا .

کەچی لە پاش رمانی سەدام، ئەو هەموو خەبات و هەوڵدانانە بوونە بلّقی سەر ئاو و وەک هەمبانەی فووودراو فشبوونەوە و سەدوهەشتا پلە بادرایەوە و ئێستاکی سەدان و بگرە هەزاران کەس لەبەر بالۆێزخانەکانی ئێراقدا ریزبوون بۆ تۆمارکردنی ناوی منداڵەکانیان بە ئێراقی و وەرگرتنی ناسنامەی ئێراقی و کاروباری بازرگانی(*) . بە پێی قسەی نێچیرڤان بارزانیش (**) زۆرێک داوای دامەزراندن دەکەن لە بالۆێزخانەکانی ئێراقدا . ئیتر نە بامان دیوە و نە بۆران ... ئەو هەموو دروشمی سەربەخۆیی و ئازادی خوازی ئەو هەموو قسەی سووکگووتنە بە داگیرکە ر وەک بەفری بەهار توایەوە و ئیستا چاوەڕێی ئازاکانی عێراقین...

ئێراق لە هەر جلوبەرگێکدا بێت و چەندین ئارایشتکاری بۆ بکرێت نابێتە وڵات بۆ کوردان و باڵوێزخانەکانیشی بە گۆڕینی فەرمانبەرانی نابنە نوێنەری کورد چونکە نوێنەری فەرمی ئێراقن.
ئەحمەد بامەڕنی ( *، لە رۆژنامەکەدا نوسراوە ئەحمەد بارمانی پێدەچێت هەڵە بێت و دەبێت بامەڕنی بێت.. سەردار.) ئەو کوردەی کە بۆتە باڵوێزی ئێراق لە سوێد لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت : هیچ نیشتیمانپەروەرێک حەزی لە سوپای داگیرکەر نییە لە وڵاتەکەیدا.... ..وەڵامەکەی ئەحمەد تەواو.. کەچی بۆ بەختی کەچی کورد کاک ئەحمەد خۆی باڵوێزی داگیرکەری وڵاتەکەی خۆیەتی .....
باشتر نییە کە خەریکی دامەزرا و ئینستیتوتە کورد و کوردستانییەکان بین ؟..و ئەوان پەرە پێبدەین و کەسایەتییەکی چاک و فەرمی بەبەردا بکەین و پێش هەموان خۆمان رێزی لێ بگرین و ئەگەر خێرێکمان هەبێت با بۆ نەتەوە ستەمدیوەکەی خۆمان بێت... با پاشەڕۆژی نەوەکانی داهاتومان هەمان فلیمی باپیرانمان نەبێت...با ئەمجارەیان وتەکەی داڤید فرۆمکین(***) بە راست نەگەڕێت کە دەڵێت : کورد ، ئەو سەرکەوتنانەی لە مەیدانی شەڕدا وەدەستی دەهێنێت,لە سەر مێزی مفاوەزات لە دەستی دەدا...

سوێدی پێنجشەمە (2)ی دیسەمبەری SVENSKA DAGBLADET 2004(*) رۆژنامەی
(**) وتاری نێچیرڤان بارزانی لە واشتۆن کۆڕێکدا لە هوتێلی ئین لە رۆژی 31_10_ 2004
(***) امه فی شقاق . جوناتان راندل . ترجمه فادی حمود.ایلول1997
5 ی دیسەمبەر2004